# کاتێ کە خود بە زمانی خۆی ئەماننوسێتەوە

زمکان عەزیز



دەق لە پشت عەقڵێکەوەیە کە پڕاو پڕی هەستەکان وێنەکان لە چاوەوە ئەگرێ و لە گوێکانیەوە دەقاو دەق ئەیبیستێ ، خودیش بە خودێتی کردون و لە نهێنیەکانیەوە نوسیونیەتیەوە ، زۆر دەگمەنن ئەوانەی بێ بینین و بێ بیستن ئەنوسن ئەتوانرێ بێ یەکێ لەو ئەندامانە کاری نوسین بەڕێوەچێ و ئەوەشی کە نیە خود خۆی جێیئەگرێتەوە ، نمونەشیان زۆرن بێتهۆڤین بێ بیستن بە چاوەکانی ئەیژەنی و لە هەستەکانیەوە ئەیژنەفت ، تەها حسەین حافزێکی ناو حوجرەکانی میسر بوو بە گوێ و هەستی لە ناو شەقامە مۆدێرنەکانی پاریسدا فەلسەفەکانی نوسیەوە ، فەلسەفەیەک هەموو باگراوندەکانی ناو حوجرە و مزگەوتەکانی لای تەها حسەین سڕیەوە ، ئەبی عەلای معەری لە گوێکانیەوە وێنەی دڕندایەتی و بێشەرمی والی و سوڵتانەکانی عەرەبی ئیسلامی ئەبینی ، لە ووشەکانیەوە بە زمانێک زمانی کەس و زمانی گشت نەبوو تەنها زمانی شیعر بوو ( یسوسون الامور بغيرعلم ويسمنهم ساسه ... فأف مني و من زمان صارت رياسته خساسه ) معەری هەر خۆی گشتی ئەدوان دژ بە شمشێرەکانی سوڵتان کە مێگەلە خەڵکەکانیان ڕەوانەی دیوان ئەکرد بۆسەربڕین کەچی خەڵک لەو زمانە نەئەگەشتن چونکە زمانی ئەوان نەبوو خۆ ئەگەر یەکێک بۆیانی ڕوون کردایەتەوە ئەیانووت ئەو کوێرە نەعلەتیە چی لە ئێمە ئەوێت ،هافکینگ پیاوێکی ڕەقۆڵەی ووشکبوەوە دەموچاوێکی قوپاو و پیاوێکی سەقەت بێ دەست و قاچ دوو چاوی کز کز لەسەر عەرەبانەیەکی ئەلەکترۆنی دائەنیشێت بە بێ ئەوەی بتوانێ ووشەیەک لە لێوەکانیەوە بترازێنێ تەنها بە هەستە قوڵەکانی ناوەوەی خۆی ئەدوێنێ ، ڕووە و کۆمپیوتەرێک لە پەنجەیەکی بێهێزیەوە کە بەتەنها ئەو پەنجەیەی ئەجوڵێ خودی ئەنوسێتەوە ، گەورەترین و نوێترین فەلسەفە و زانستی تۆمار کرد ، زانستێ بۆ توخمە سەرەکیەکانی گەردون کە چەند کاریگەریان هەیە بۆ بەردەوامبوونی بون ، تێبینی ئەوەشی کردووە نزیکەی پەنجا ساڵی تر ئەو زانستە بەیەکجاری سەقامگیر ئەبێت و هیچ پەیوەندیەک لە نێوان مرۆڤ و خوادا نامێنێت ، کە هەرچی لە پێش خۆیەوە بوو نەیانتوانی ببنە ئەنتەرناتیڤی ، هافکینگ بە زمانێک ئەینوسی زمانی فەلسەفە بوو زۆر جیاوز لە زمانی گشت و زمانی سادە ، زۆرن نمونەی ئەوانە کە زۆرینەی ئەندامەکانیان لەدەست داوە بەڵام ئەدەبێکی گەورە و زانستێکی بەشەوق و فەلسەفەیەکی قوڵیان بە بوون بەخشیوە ، جەسەد و هەموو ئەندامەکان هەڵسوڕێنەری ئەو وێنانەن کە لە قوڵایی ناخی تاکەوە ئەگۆڕدرێن ، لە وێنە سادەکانەوە وێنەی ئەو ڕوداوانەی لەدەرەوە لە لایەن خودەوە وێنە ئەگیرێن و لە نهێنیەکانی ناو خودەوە وێنەکان دەقاوی ئەکرێن و لە کۆڵانەکانی ژێرێتی نوسەرەوە تێئەپەڕن بۆ دەرەوە و لە دوای ئەم پێدانەوە ئیتر نوسەر خۆی ئەسڕێتەوە و خۆی ئامادە ئەکاتەوە بۆ وەرگرتنی وێنەی ڕوداوەکانی تر ، هەر کلتورە و بە زمانێک ئەدوێ و هەرزمانێکیش هەڵگری سیماتی کلتورکەیەتی ، نوسەرێ ئەتوانێت بە زمانەکەی خۆی لە ناوەوەی خۆی بڕوانێت و لە نهێنیەکانیەوە بدوێت بە دوانێک کە هەڵگری ڕەچەکەڵایەتی باو

کلتورەکەیەتی ، ئەو هێمایانەی کە لەزمانی کوردیدا هەن بۆ ڕۆچوونە ناوەوەی پڕاو پڕی وێنەگرتنی ڕوداوێک و بە دەقکردنیەتی ، تەنها نوسەرانی تێر بیر و ڕۆشن بین و خۆ بیست ئەتوانن یاری بە ووشەکان بکەن ، لەو هێمایانەوە بە زمانێک دەقەکە ئەخەنەوە زۆر جیاوازە لە زمانی گشت و زمانی مامەڵەو قسەی سەر شەقامەکان ، لەوەتەی ئەدەب و فەلسەفە هەیە لە ناو هەر کلتور و کۆمەڵگایەکدا زمانی خۆی جیا کردۆتەوە و تەنانەت هەوڵی داوە زمانە سادەکەی کۆمەڵیش لە خەوشی هەندێ ووشەی سەقەت و بێ وێنە پاک کاتەوە ، ئەو ووشە بزێوانەی تێهەڵقورتاون لە کاتێکدا بە هۆی کارە ئابوری و ڕامیاریەکانەوە تێهەڵکێش بوون یەک یەک زمانی ئەدەب هەڵیان ئەبژێرێت و ڕاستیان ئەکاتەوە بۆ کۆمەڵگە ، هەمیشە ڕێپیشاندەرێک بۆ ڕەسەنایەتی زمانەکان و نوسینەوەی قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی مێژووی نەتەوەیەک لە ڕێی ئەدەب و هونەرەکەیەوە بووە ، هەر کۆمەڵگایەکیش ئەگەر بێبەش بووبن لە زمانی ئەدەب ئەوە بێبەش بوون لە خۆناسین بە جیهان و خۆ دۆزینەوە لە ناو مێژوی بووندا ، ئەمە کاری ئەدەبە کاری هونەر و کاری فەلسەفەیە ، ئەوەش ناکرێ بە کۆمەڵگەیەک بووترێ کۆمەڵگەی هەرە پێشکەوتوی دنیا ئەگەر زمانی سادەی گشت ببێتە زمانی ئەدەبەکەی ، هەروەک چۆن ناکرێ کۆمەڵگەیەکیش بەبێ ئەدەبەکەی پێناسە بکرێت و بناسرێت ، خۆ ئەگەر نەتەوەیەک یا کۆمەڵگەیەک زمانەکەی ببێتە یەک زمان و تەنها زمانی ئەدەب بێت ئەوە ئەو خەڵکە ئەبێت بۆ زمانێکی تری لە سەرو ئەو ئەدەبەوە بگەڕێن تا زمانی یەکەمی ئەدەبیان ببێتە زمانە گشتیەکە و زمانی دووەم دەست بەکاربێت بۆ پێناسین و خۆ نوسینەوە ، لە ناو گەلانی دنیادا هەمیشە دوو زمان لە شەڕی بەرەکانی خەڵکدا بوون و زمانی بەرەی ئەدەب کاری نوسینەوەی بەرەکانی تر بووە و وێنەکانی بەدەق کردووە زۆرینەی ئەو بەرانەش بە ئەستەم لەو زمانە گەشتوون و خۆیان بە دوورخستووە و ڕێیان بە خۆیان نەداوە تێبکەون و تێبگەن ، با لەوە گەڕێین ئەگەر لە هێماکان و سمبولەکانی زمان بکۆڵینەوە کارێکی سەختەو زۆری ئەوێت . من ئەمەوێت لەو کەسانە بدوێم وەک بنوسێک بنوسی ئەرزە و حاڵ نوسین تەنها گلەیی و گازندەی خەڵک وەک خۆی ئەنوسنەوە و وێنەی وێنەیەکی گیراو ئەگرن و ڕوداو چۆنە ئاوا بەبێ دەقکردنی ئەینوسنەوە و زمانی گشت ئەڵێنەوە هەروەک لە بیرۆیەک دانیشتوون و کاریان نوسینەوەی فەرمایشتی یاسای بیرۆکەیانە ، ئەو بنوسانە نوسەرێ نین بتوانن پەی بە نهێنیەکانی ناوەوەی خۆیان بەرن و وێنەیەکی دیکەی دەرەوەی خۆیانی پێبگرنەوە ، ئەوانە بە بێ تێڕوانین بیر ئەکەنەوە بیرکردنەوەیەک بۆ بەکارخستنی تیتلەکەیان کە بە تەنها هەر خۆیان بە خۆیان بەخشیوە و دەنگی بانگەوازەکەیان لە خۆیاندا ژەنگی تەمەن گرتویەتی و ئیتر وەک کەسێکی سادەی ناو کۆمەڵ داوا ئەکەن کە زمانی ئەدەب ئەبێ ئەو زمانە بێت هەموو قسەی پێئەکەین یان فەلسەفە چیە بۆ ڕاستەوخۆ بە زمانی گشت نادوێ و بێ ئەوەی کاری تێڕامان و خۆدوانمان هەبێت لە ناو خۆشمانەوە هیچ پێدانێکمان نەبێت بۆ دەرەوە تا بزانین بۆچی هەین و چیمان ئەوێت ، ئەگەر تۆ لەکوتاڵ فرۆشێک بپرسیت خەڵە گیان ( ئێمە بۆچی هەین ) مافی خۆیەتی پێت ئەڵێ ( گیانی خاڵە خوا دەست بەباڵتەوە بگرێ بڕۆ و بەرۆکم بەردە ) لەبەر ئەوە ئەو زمانە زمانی سەر شەقامەکەی ئەو نیە و هیچ پەیوەندیەکی بە ماناکانی ئەویشەوە نیە ، بەیانی بڕۆرەوە لای و پێی بڵێ ( من ئەمەوێت ئەم دوکانەت لێبکڕم ) پێت ئەڵێ ( جا تۆ پارەی ئەم دوکانەت هەیە ) ئەم ووتەیان زمانی مامەڵە و ناوەوەی خودی کوتاڵفرۆشەکە و زمانی هەموو گشتە ، تۆش ئەڵێی ( لە خوا بەزیاد بێت کارئەکەم و پارەشم هەیە ) ئەویش ئەڵێت ( ڕۆڵە لەش ساغ بیت و خوا لە دایک و باوکت نەسەنێت ) ، با ئێمە لە خۆمان و کوتاڵ فرۆشەکە بپرسین لەشساغی تۆ بۆ پەیوەندی بەزیادبوونی خوداوە هەیە ، تۆ کارت کردووە ئیتر بۆ خودا ئەو پارەیەی بە تۆ بەخشیوە ئەگەر بپرسین ( ئێمە بۆ هەین ) ئایا ئەتوانین بەو گوێهەڵخستنە ساکارەی کوتاڵفرۆشەکە و زمانە سادەکەی تۆ بۆ کڕینی دوکانەکە بنوسین و بیرکەینەوە ئەگەر وایە کەواتە بۆ هاملێت گیرۆدەی ناو خودی خۆی بوو ئەو نەبوو لە نهێنیەکانی ناو خۆیەوە ئەدوا و کەسیش

لێینەئەگەشت و بەگومانەوە لە تێڕوانینەکانیەوە کەسەکانی ئەخوێندەوە ئایا ئەمە خودی هاملێت بوو یان خودە چڕو پڕەکەی شەکسپیر بوو کە هاملێتی ناو نهێنیەکانی هاندا و بە زمانە زیندووەکەی خودی شەکسپیر بۆ گرفتاریەکانی مێژوو بدوێ ، کاتێ هاملێت لە پەنگاوی دەرونیەوە ئەڵێ ( من هەم یا نیم ئەمە ئەو پرسیارەیە کە شێواندوومی ) نازانم شەکسپیر بۆ هاملێتی توشی ئەو گێرمەو کێشە کرد و بۆ ڕاینەسپارد لە تاوانەکانی دایکیەوە ڕاستەو خۆ بە زمانی خەڵک بدوێ ، چیدابوو لە بە خۆبوونی خۆی و لە بونی خۆیەوە دەست پێبکات بۆ تاوانەکان و کردنەوەی گرێکان ، ئەگەر لە زمانی ئەدەبەوە بنوسین شەکسپیر و ئێمەو هاملێت و ئەو کوتاڵ فرۆشەش بەرپرسین لە پرسیاری ( ئێمە بۆ هەین ) ئیتر چۆن ئەتوانین بە هەمان وەڵام و زمانی تێگەشتنی کوتاڵ فرۆشەکە بنوسین ، لە سەرەتای مێژووشەوە تا ئێستا هەر ڕووداوێک بووبێتە هۆی مرۆڤ کوشتن و ناشیرین کردنی سروشت ئەوە تاوانە لە ئەستۆی ئەوانەی بەر لە ئێستا ژیاون و ئەوانەشی ئێستا ئەژین ، تاوانێکی مێژووی زۆرینەی خودە ئارام ئامێزەکانە . نالی ئەڵێ ( لە شەرحی هەیئەتی مەتنی بەدەن ... کە هەر جوزئی لا سەقیقە عاجزە ... تەسحیح و ڕابیتی تەدبیر ) نالی بەر لە نوسین شەرحەکەی هەیئەتی نهێنیەکانی ناوەوەی شێواندبوو مەتنی بەدەنی بۆ ڕاخست و خودی دوان تا نوسیەوە ، نالی بەر لە ووتن و نوسینی شیعرەکە کەسی نەدوانبوو تا داوای لێبکەن کە دەبێ بەو شێوە بنوسێ ئەوان تێیبگەن و بیخوێننەوە ، نالی تەنانەت خۆشی بۆ ئەو زمانە ئامادە نەکرد کە بە زمانەکەی خۆی و فەقێکان و خەڵکی ئەو سەردەمە بنوسێت ، نالی لە و ساڵانەدا لە ناو خاک و خۆڵی ووشک و سوتاودا ئەم شیعرەی نوسیوە ، بنوسی ئەم سەردەمەش هەن لەو پەڕی مۆدێرنێتی زمانەوە داوا ئەکەن ئەدەب و فەلسەفە ئەبێ زمانی ئەرزە و حاڵ نوسین بێت ئەو زمانە بێت خەڵکان چۆن ئەڵێن ئێمەش ئەبێت وا بنوسین نازانم خەڵک چۆن ئەوە ئەخوێنێتەوە کە لە هەرساتێکدا خۆی دەیان جار بە سادەیی ئەیڵێتەوە ، نالی لەو سەردەمەدا زمانی ئەدەبەکەی خۆشی تێپەڕاند و بە زمانەکانی ئەدەبی دراوسێشی ئەنوسی نەک بەزمانی گشت ، کە لەو سەردەمانەدا نوسەرانی ئەو میللەتانە سەریان لەو ئەدەبەی نالی سوڕما بوو ئەوەتا نالی خاک و خۆڵ ئەڵێت ( درونی لدار الشارزوری و برده .. کفرمیسک گرم الی آو سرده ) نالی لەدوای نوسینی هەر شیعرێک خۆی ئەسڕیەوە وەک هەر نوسەرێک بارێکی قورس و گران لە دوای نوسینی بەرهەمەکەی لە خۆیدا دائەگرێ و خۆی سوک ئەکات نالیش ئاوا خۆسڕینەوەی ئامادە ئەکرد بۆ خۆ نوسینەوە ، ئەوە کاری ئەو نەبوو شەڕی خودی ئەو بوو شەڕێ لە ناو ئەودا ئەم سنبولەی هەڵگرتبوو دەبوو بنوسرێ و بووترێ نالی ئەوەی ووت کەکەس نەیووت ئەوەی نوسی کە گشت لێینەگەشت تەنانەت گشتی ئێستاش لەو شیعرە ناگەن ئیتر خود لە نالیدا ئەم کارەی کرد و نالی دووان بۆ نوسینەوەیەکی تر ، ئەگەر دوو شاعیری کورد و عەرەب ئەم شیعرە بخوێننەوە هەریەکە خۆیان بە خاوەنی زمانی ئەم شیعرە ئەزانن ، من ڕوو ئەکەمە ئەو بنوسانەی کە زمانی ئەدەب بازاڕی ئەکەن ، چی بە خەڵکی ئەو سەردەمەی عەرەب و کورد ئەڵێن بۆ تێنەگەشتن بۆ نەیانزانی ئەو شیعرە بە هەردوو زمانەکە ئەخوێنرێتەوە و بۆ هەریەکێ لەو زمانانە مانای خۆی هەیە ، یان نوسەران و شاعیرانی ئەو سەردەمە چۆن لەوە دوابن و چۆن هەڵیان سەنگاندبێت نالی بە دوو زمان بە دوو دەستەواژە ووتی و نوسی ، نوسینێ بە ووشە شوشەییەکانی شیعر ئایا لە نالیدا پەیپێبردن و دۆزینەوەی ماناکان نەبوو بۆ بەهێماکردنی ووشە ئایا هێنانە ناوەوەی زمانی سادە بۆ ناو شەڕی زمانی ئەدەب کێشمانکێشی خودی نالی نەبوو لەگەڵ دەرەوەی نالی ، بەڵکو نالی ویستبێتی لە زمانی ئەدەبەوە هەموو جیهان ئینتێرناسیونال بکات و زمانی شیعر بکاتە زمانی ئەدەبی دنیا ، لەو شیعرەدا نالی لە فیگۆرێکدا دوو ڕۆحی هەژاندووە و لەرۆحێکدا دوو نەتەوەی دوواندووە ، دوو هێمای جیاواز دوو سنبولی لەیەک نەچوو ئایا ئەمە زمانی شیعری نالی بوو یا زمانی ناو خاک و خۆڵ و خەڵکەکەی بوو ، ئەمەیە کاری نوسەر بۆ نوسین ئەمەش ئەو نهێنیە بزێوەی ناو خودی شاعیرە ، نالی نە بۆ فەقێکانی نوسیوە و نە بە زمانی خەڵکی ئەو سەردەمەش ووتویەتی ،

شاعیر زمانەکەی لە دەرەوە هێناوەو لە ناو خودی خۆی هەڵێژەنیوە و ووشە سادەکان گۆڕاون بۆ کۆمەڵێ سمبول و هێمای زمانی شیعری کە ئاستەمە لەم سەردەمەشدا توشی تێڕوانینمان نەکات . نالی لەو کاتەدا بەو ئەدەبەوە ئەنوسێ و لەم سەردەمەشدا بنوسێ زمانی ئەدەب سەقەت ئەکات و وەک کاری ئەرزە و حاڵنوسیەکەی لەوەتی ئەو هەیە هەر وەک دوێنێیە و نابێت بە سبەی ، بەردەوام پەرە سپیە جوانەکان بە بزڕکاوی ڕەشئەکاتەوە . عەنتەرەی کوڕی شەداد نزیکەی هەزار و شەسەد ساڵێ بەر لە ئێستا نوسیویەتی ( هل غادر الشعرائ من متردم ... ام هل عرفت الدار بعد توهم ) عەنتەرە و هاوڕێکانی لە بەرزایی و لەسەر تەپۆڵکەکان بۆ خەڵکی ئەو سەردەمە ئەیان ووتەوە شیعرەکانیان لە ئاخافتنی خەڵک ئەوەندە جیاواز بوو وەک ئایەتێک یان ووتەیەکی خودایی شیعرەکانیان لێوەرئەگیرا ، ئومرولقەیس ئەڵێ ( قفا نبک من ذکری حبیب و منزل .. بسقط اللوای بین الدخول وحومل ) ئەمە وێنەیەکی جوڵاوە و پڕ لە وەسفەکانی جوانیە و سبمولی ڕاستگۆییە لەگەڵ هەست ، قوڵترین هەستی خود خودی شاعیرەکانی ئەو سەردەمە کە ووشەکانیان لای خەڵک ئەوەندە پیرۆز و ئەوەندە لە دەرەوەی ئەوان بوو بە لایانەوە پێویست بوو گوێی بۆ بگرن ئەوەندە لێتێنەئەگەشتن تەنانەت ڕەخنەگرانیش دان بەوەدا ئەنێن شاعیرانی سەردەمی جاهیلی چڕترین زمان و باشترین هێمای ووشەیان بۆ دەربڕین هەبووە ، لەبەر ئەوەش بوونەتە جێی ترس و گومان لای خەڵک ، دوای ئەوان و لە سەردەمی ئیسلامیشدا شاعیران لەسەر ڕێوشوێنی ئەوان چوونەتە ناو دیوانی شیعرەوە ، لە سورەتێکی قورئاندا موحەمەد ئەڵێ (اقتربت الساعه وانشق القمر) ئەم کورتە دێڕە دەقا ودەق لە شیعرەکانی ئومروالقەیس هەیە و لەسەردەمی ئیسلامیشدا کچەزایەکی ئومروالقەیس ئەم کۆپی کردنەی موحەمەدی درکاندووە و بە خەڵکیشی ڕاگەیاندووە کە ئەوە دێڕێکە لە شیعرەکانی باپیری ومولکی ئەوە واتە ئومروالقەیس . موتەنەبی و جاحز لەسەردەمی عەباسیەکاندا بەناو بانگترینیان بوون بۆ بە هونەرکردنی ماناکان لە شیعردا لە ڕووی بەکارهێنانی نواندنی ووشەکان بۆ وەرگرتن و لەیەکچونیان ، زیرەکانە لە قوڵایی مانای ناوەوەیان دوواون و ئامادەش نەبوون ساتێ بیر لەوە بکەنەوە بە پێی تێگەشتنی خەڵک و بۆچونی ئەوان بنوسن ، نامەوێت بکەومە ناو قوڵایی حەلاجەوە کە بە ( انا الحق ) خوایەتی لە ناو خودی خۆیدا ئەبینیەوە و والی و دنیای ئەو سەردەمەی بە خۆیەوە سەغڵەت کردبوو پێیان ئەووت پیاوە شێتەکە لەبەر ئەوەی هەمیشە لە نهێنیەکانی ناو خودیەوە ئەدوا بە زمانێکی زۆر جیاواز ، زمانێ جەستەی گۆڕی بوو و زەمەنی لا کردبووە هیچ ، خودی خۆی نەبێ ئەو ئەوی نەئەبینی تا لەسەرەمەرگیشدا دوای دەست و قاچ بڕینی بە ئەمری ئەمیرولمومینین حەلاج ( انا الحق )ی ئەوتەوە تا مرد ، ڕەخنەگران نوسیویانە زمانی شیعری سەیاب زمانێکی ئەوەندە پاک و پاراو بووە هەرلە زمانە سادەکەی خەڵکەوە دەلالەتێکی وای بەخشیوە بە ووشەکان پڕی کردون لە دەنگ و ڕەنگ ، زمانی سەیاب زمانێکی هەمیشە نەمر بووە و لە ناو خودی سەیاب خۆیەوە پەخشبونەتەوە ئیتر خەڵک کەی پێویستیان بە سەیاب هەیە ئەگەر سەیاب هەروەک زمانە سادەکەی ئەوان بینوسیایە ، کەی شیعر خۆی لە فەلسەفە کردووە و فەلسەفەش زمانی دەلالەت و هێمای شیعر نەبێت ، ئەڵبەت من مەبەستم شیعرە شیعرێ زمان جەستەی بێت نەک ئەو بنوسانەی دەیان ساڵە لە دەرگای شیعر ئەدەن و خۆشیان لەگەڵ دەرگاکەدا هەڵقەڕێز کردووە و تروسکاییەک لەدرزی دەرگاکەشەوە نابینن ، کە تۆ ئەو دەرگایەت بۆ ناکرێتەوە ئیتر چۆن لە زمانی فەلسەفە ئەگەیت . ڕۆلان بارت ئەڵێ دەق نوسینە بەر لەوەی خوێندنەوە بێت واتە نوسەر ئەتوانێ بابەتێ بکاتە دەق و دەقیش جیهاناوی بکات لە ڕووی زمانەوە ، مەبەستێتی دەق لە سیستەم خاڵیکاتەوە و دوور لە خۆئامادەکردنی گشت بۆ دەق ، لەبەر ئەوە دەق هێمایەکە دەلالەتەکانی ڕاستەوخۆ لە ناو نهێنیەکانی خودی نوسەردایە ، بارت یەکێکە لەوانەی بەگرنگیەوە لە ڕوی زمانەوە ئەدوێ لای بارت ئەگەرچی زمان دەقی لێوە ئەنوسینەوە و ئەیخوێنینەوە بەڵام لە ڕووی تێگەشتنەوە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ناوەوەی خودەوە هەیە واتە لە ناوەوە نهێنیەکان هێمایەکی تریان هەیە بۆ

زمان و لێمان ئەدوێن و ئەمانوسنەوە ، ئەو زمانەش تاک ئەبوێرێ و خود تێئەپەڕێنێت ، ئەوەی کە ئەیڵێین زمانی خوێندنەوەی گشت نیە و ئەو نامەیە نیە کە لە هەر لایەنێکەوە پێت بگات تۆ ئەتوانیت بیخوێنیتەوە . ژان ژاک ڕۆسۆ ئەڵێ ( من دژی کۆمەڵگام من ئەرکی فڕێدانی کۆمەڵگایەک وەرئەگرم کە هیچاندنی سروشتە ، بەم شێوەیە هیچاندن ئەبێت بە شتێکی بنەمایی ئەبێ بە هەڵوێستێکی زیندوو ژان ژاک بە تاک و تەنها ئەبێ بە هیچاندنی کۆمەڵگا .) ڕۆسۆ لەو دەمەوە ئەوەندە بە چڕ و پڕ و ئاڵۆزی لە نهێنیەکانی ناو خۆیەوە تێڕوانینەکانی ئەدوان بۆ نوسینەوە ئیتر دەستەی ڕۆشنبیرانیش بە ئاستەم لێیئەگەشتن ، ڕۆسۆ لە ناو شەقامەکانی فەرەنسادا لەگەڵ گشت ئەدواو هەروەک ئەوان مامەڵەکانی بەڕێئەکرد ، بەڵام کە ئەڕژایە ناوماڵی خودی خۆیەوە لە نهێنیەکانیەوە بە زمانێکی زۆر جیاواز خۆی ئەدوان و ڕوداوەکانی بە دەق ئەکرد ئەگەر ڕۆسۆ لە یەکێ لە شەقامەکاندا لەگەڵ خەڵک بئاخافتایە کە ئەو دژی ئەوانە هەرچی ئەکەن وەک ئەوەیە نەیکەن ، کە ئەڵێ ئێوە کارەکانتان بۆ ئەوەیە لەو دیویەوە مردن نەبێت هیچی دی لێوە نابینن ، یان بڵێت بێهودەیی کارو پیشەی هەموومانە ، ئەو کاتە کەس ئامادە نەئەبوو گوێی خۆی ماندوو بکات بۆ ئەو بیستنانە و بە شێتیان پێناسە ئەکرد لەبەر ئەوەی زمانی ناو خودی ڕۆسۆ زمانێکی تربوو ئەو زمانەی خودی ڕۆسۆ خۆی تێپەڕاندبوو لە شەقامێکی پاریسەوە بۆ هەموو دنیا ، ئەو بنوسانەی کە چیتر بیرکردنەوەیان بە قەد میزی منداڵیان درێژ نەبووەتەوە چی بە ڕۆسۆ و هاوڕێکانی ئەڵێن کە بەزمانی گشت نەیاننوسی یان ئەبوو ڕاو پرسیان بە خەڵک بکردایە چۆنیان بویستایە ئاوا بیاننوسیایە ، لە باسە فەلسەفیەکانی کانت و فیورباخ و هیگڵ و ئەوانی تردا بە تایبەتی لەو تێڕوانینانەوە بۆ قوڵایی بیری بوون چۆن ئەتوانین لەو هێما دەلالیانە تێبگەین ئەگەر بە زمانێکی سادە وەریانگرین و بیانخوێنینەوە ، کانت هەر لەخۆیەوە نەیووت ( شت لە خۆیدا ) لە زمانێکی سادەشەوە بە دەریا قوڵەکەی بوندا ڕۆنەچوو ، ئەڵبەت ئەم ڕۆچوونەی ناو بوون خۆی لە خۆیدا پێویست بە زمانێکی تر ئەکات ئەویش زمانی خودە و زمانی فەلسەفەیە ، تریئیگلتۆن نوسەری فەلسەفەی پۆست بونیادگەر ئەڵێ ( زمان بە هەموو ڕازو نهێنی و شتە شاردراوەکانیەوە هەم نمونە هێنەرەوە و هەم دڵەڕاوکێی ژیانی ڕوناکبیرانەی سەدەی بیستەمە ) لە بنوسی ئەرزە و حاڵچی نوسەکان ئەپرسم چی وەڵامێکیان هەیە بۆ ئەم ووتەیەی تریئیگلتۆن ئایا ئێمە هەر ئەبێ بۆ خاتری ئەوەی ووشەی شاعیرێتی لە دەست نەدەین ئیتر بە چەپ وڕاست پەڕەکان بزمار ڕێزی ووشە بزڕکاوەکان بکەین ، تریئیگلتۆن واتەنی ئەی بۆ دڵمان ڕانەچەنێ و خۆمان بکەینەوە لە باوی کۆنی ئەو ساڵانەی شاعیرێتیمانی بەسەر برد لە خۆمان بڕوانین بزانین چیمان تێپەڕاندووە دەنا ساڵانێکی زۆرە نەک ووشەکان خۆشتان بزڕکاندووە ، لیڤی شتراوس یەکێکە لە هەرە نوسەرە بونیادگەرەکانی سەردەم بزانە چۆن لە باسی زماندا دەلالە و هێما وسنبولەکانی ئەخاتە ڕوو ، ئەگەر زمان هێمایەکی پەیوەندیدار نەبێت لە نێوان خستنەڕووی بابەت و خودی نوسەردا دەق چۆن دێتە ئاستی خوێندنەوەوە ، شتراوس مەبەستێتی شتێ کە ناوی جەوهەرە و لە ناو بوندایە ئەویش خودە ، هێزێکی گەورەیە بۆجوڵانی بەشە گرنگەکانی جەسەد بۆ دەربڕین ، ئەو جەوهەرەش داینەمۆیەکە بۆ بەکارخستنی کەس لە وەرگرتن و پێدانیدا ، کەی زمان تۆی لە خۆت نامۆ کرد ئەوە دەنگی خودێکە بۆ تۆ ئەدوێ ، دەنگێ بە تەنها زمانی ئازادی ناو نهێنیەکانی خودە ، دلاوەر قەرەداغی ئەڵێ ( لە دواوە بە ئەسپایی .. دەکێشم بەسەر شانی تەنیایدا ) ئەوە دلاوەر نیە ، نهێنیەکە لەناو خودی دلاوەردا بووەتە هاوڕێی و لە گەڵ ئەودا ئەدوێ ئیتر هیچ شتێ لە بوندا نەما گوێ بۆ دلاوەر بگرێ جگە لە خودی خۆی بۆخۆی نەبێ ، ئەوەتا بە سەر شانی خودی خۆیدا ئەکێشێ بزانێ چیە وا مەدلولی کردووە ئەمە زمانێکە سەر بە دلاوەرە و زمانی گشت نیە ، ( سۆندە دەبەستم لە سێو ) لە زمانی گشتدا ئەمە مەبەستە مەبەستی پیاوێکی شێت ، لە زمانی شیعردا ئەمە زمانی سنبولە زمانی خودە و زمانی ڕاپەڕیوترین و مەدلولترین کەسی دنیایە حەز ئەکات بە ڕۆحە سێویەکەی سێو پژانی هەمووتان بکات بۆ ئەوەی لەو بۆنەوە دڵمان فێنک کاتەوە ، فەرید زامدار ئەڵێ (

له هەر شوێنێک کۆتاییم بێت .. له شوێنێکی تردا .. سەرەتایەک دەمدۆزێتەوە ) چی وای له فەرید کردووه ئەم قسانه بکات ئەمه قسەی دایک و باوکێتی یان قسەی پێشینانه یان مەرجی زمانی گشته بۆ هەڵەداوانی فەرید ، خوا ئەڵێ من تۆم دروست کردووه و من تۆ ئەمرێنم و ژیانیش به تۆ ئەبەخشمەوە ، بەڵام فەرید وا ناڵێ بەڵکو ئەیەوێت هەر لەو دەستپێکردنەوه له دوای کۆتایی دەستپێبکاتەوه به تێپەڕاندنی مردن ، لای خوا کات و شوێن ئەبنەوه به هیچ و ئەو خۆی هیچ ئەکاتەوه به فیگۆری جوڵه ، لای فەرید شوێن ئەبێته مەدلولی کات و خود مردن بەسەر ئەبات و بێ لەوەی چرکەیه له کات بترازێ شوێن دەستت پێئەکاتەوه بۆ بون ، ئەگەر فەرید بەم زمانه لای گشت بدوێت چی پێدەڵێن ، قوبادی جەلی زاده ئەڵێ ( هەوڵ دەدەم چڵێک ڕوناکی .. له لقی خۆر بکەمەوه و .. بیخەمه بەر .. پەنجەرەی شەو ) کوا خۆر درەختێکه و چڵێکی لێبکرێتەوه کوا شەویش پەنجەرەی هەیه ، قوباد له ناو نهێنیەکانی خودیەوه ئەو سیستەمه ئەشکێنێت که ڕۆژانه لەسەر مێز و کورسیەک داینیشاندووه و تاوان و بێتاوانی پێڕائەسپێرێت ، کەچی زمانێک لەو دیو قوبادەوه هەیه ئەو کارەی لێئەسڕێتەوه و پێی ئەڵێ وەره با شەویش بکەینه ڕۆژ و ئیتر نەخەوین چونکه خەو ئەبێته پێخەفه گەرم ونۆڵەکەی مردن ، زمانێ ئەو له مێزو کورسیەکەی دێنێته خوارەوه و ڕۆژ و شەوی پێئەسڕێتەوه و کات و شوەێنی پێئەکوژێنێتەوه ، ئەو شێوه زمانەی قوباد هیچ زمانێک و زمانی تێگەشتنی گشت نیه جگه لەوەی به تەنها زمانی ناو خودی قوبادە تا قوباد لەگەڵ خۆی نەدوێ زمانی ناو نهێنیەکانی خودی قوبادیش نایەنه گۆ ، ئیتر ئێمه چۆن ئەتوانین به زمانی گشت له خۆمان بدوێین و نهێنیەکانمان بارگاوی بکەین تا بزانین چیمان ئەوێت و بۆچی ئەگەڕێین ، زۆرن ئەوانه ئەگەر نمونەیان لەسەر بێنینەوه بەتایبەتی نوسەر و شاعیرانی کورد که زۆر کەمن و نمونەیان دەگمەنه ، هەن زۆر دەمێکه ئەنوسن و لەوان وایه ئەدەب و فەلسەفەی کوردیان بەسەر بردووه بەڵام خۆشیان دڵنیان تا ئێستا به قەد باڵای خۆیان بستێ له خاکی ئەدەبیان نەبڕیوه و دوواجار بەم ووتەیەی سۆکرات کۆتایی پێدێنم ئەڵێ ( من یەک شت ئەزانم ئەویش ئەوەیه که هیچ نازانم ) که تۆ هەموو شتێک ئەزانی ئەی بۆ هیچ نازانی کاکی ئەرزه و حاڵنوس خۆت له باسێک مەده سەر و بنی قڵپکەیتەوه و خەیاڵەکانت به پڵاو نا مەشیانکه به قوبڵی ، به داخەوه زۆر لەو بنوسانه هەن خۆیان له هەموو ئاوێک ئەدەن و کەچی تا بینەقاقایان نوقوم ئەبێ و هەر ناخنکێن .

ئەڵمانیا

Simkan97@hotmail.de